# (من و گوڵی بەر باران).. کتێبێک لەبارەی ئەدەبی گێڕانەوە




**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

(من و گوڵی بەر باران) نوێترین کتێبی هێمن بەرزنجی، نووسەر و شاعیرە کە شێواز و تەکنیکێکی جیاواز لە ئەدەبی گێڕانەوەدا لەخۆدەگرێت.

هێمن بەرزنجی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم بەرهەمە لە کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبی پێکهاتووە کە سەر بە ژانری گێڕانەوەی یاداشتەکانی ڕۆژانەی نێوان دوو کەسە یاخود زیاتر، ئەگەرچی سەرجەم تێکستەکان هەندێک جار فۆرمێکی چیرۆکی وەردەگرن، بەڵام هیچیان بە مانا هونەرییەکەی چیرۆک نین و زیاتر ئەدەبی گێڕانەوە تێیاندا زاڵە، بەڵام بە زمان و تەکنیکێکی شیعری".

گوتیشی: "ئەم فۆرم و شێوازە هەوڵێکە بۆ ئەو یاداشتکارییە هونەریانەی خۆشەویستی یان پەیوەندیی نێوان دوو کەس، یاخود زیاتر کە بوونە واقعییەکان یاداشت دەکات".

بەرزنجی زیاتر تیشک دەخاتە سەر نێوەڕۆکی کتێبەکەی و دەڵێت: "ئەمە ئەزموونێکی تازەی گێڕانەوەیە کە چیرۆک نین، بیرەوەریش نین، بەڵکو تەنیا ڕەگەزەکانی شیعر و چیرۆک و بیرەوەرییان تێدایە. خوێنەر دەتوانێت جگە لە چێژ و زانینی هەموو ڕووداوەکان کەڵک لە خواستراوە زانیارییەکان وەک کات و شوێن و چۆنێتی پەیوەندی وەربگرێت".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "هێشتا نازانم ئەم بەرهەمە چەند لە بەردەم پێشوازی و سەرکەوتندایە، یاخود چەندە دەچێتە بەردەم ڕەخنە، بۆیە هەموو کارێکی تازە و شێوازێکی نوێ لە تەکنیکی هونەری گێڕانەوە، بێگومان بە هەردوو باری ڕەخنە و جوانکارییەوە ئەگەرێکی کراوەیە".

کتێبەکە سەرجەم کارەکانی تەواو بووە و بڕیارە لە ساڵی نوێدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

## شارەوانی نۆژەنی کردەوە
# ماڵی وەفایی دەکرێتەوە



**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

لە دوای سووتاندنی ماڵی وەفایی لەلایەن د.فەرهاد پیربال، نووسەر و مامۆستای زانکۆ لە هاوینی ئەمساڵدا، ماڵەکە نۆژەنکراوەتەوە و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دووبارە بکرێتەوە.

سۆران عەزیز، بەڕێوەبەری ماڵی وەفایی، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ماڵی وەفایی لە دوای سووتاندنی، لەلایەن وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نۆژەنکرایەوە و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەڕووی خوێنەراندا بکرێتەوە".

ڕۆژی 13ی تەمموزی 2019 ، د.فەرهاد پیربال ئاگری لە ماڵی وەفایی بەردا و سەرجەم کتێب و کتێبخانە و کەلوپەلی ماڵەکە لەنێوچوون.

سۆران عەزیز گوتی، زیانی سووتاندنی ماڵی وەفایی بە 50 ملیۆن دینار خەمڵێنرا و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە نووسراوێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە بۆ ئەوەی قەرەبووی ماڵی وەفایی بکرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیار لەبارەی ئەو قەرەبووکردنەوەیە نەدراوە.

لەدوای ڕووداوەکە سکاڵا لە دژی فەرهاد پیربال تۆمار کرا و دادوەر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکرد، ڕۆژی 14ی تەمموزی 2019 لەلایەن بنکەی پۆلیسی ئیسکانەوە دەستگیر کرا و پاشان بە کەفالەت ئازاد کرا.

خاوەنی ماڵی وەفایی گوتی: "ڕۆژی 28ی ئەم مانگە دوایین دانیشتنی دادگا لەبارەی ئەو کەیسەوە بەڕێوەدەچێ و دادوەر بڕیاری کۆتایی لەو بارەیەوە دەدات".

سۆران عەزیز ڕوونیکردەوە، تاوەکو ئێستا هیچ قەرەبوویەکی ماددی لەلایەن کەسوکاری پیربالەوە پێنەگەیشتووە کە بڕیار بوو بیدەن، بۆیە لە 28ی ئەم مانگە لە دادگا چاوەڕێی بڕیاری دادوەر دەبێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی قەرەبوو بکرێتەوە و کەیسەکە یەکلایی بکرێتەوە.

# داستانێکی کوردی چاپ دەکرێ




**■ ئا: بەسام مستەفا**

داستانی محەممەد حەنیفە کە داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، لە زارەوە گواسترایەوە سەر کاغەز و چاپکرا. پەرتووکەکە کە لە 110 لاپەڕە پێکدێ، لەلایەن وەشانخانەی ئاڤا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم پەرتووکە لەلایەن عومەر کالۆ، ڕۆژنامەڤان لە تۆڕی میدیایی ڕووداو ئامادە کراوە. کالۆ کۆپییەک لە دەستنووسی ئەو داستانەی محەممەد حەنیفەی لە دایکی خۆی وەرگرتووە کە بە تیپی عەرەبی نووسراوە، پاشان عومەر کالۆ بە تیپی لاتینی نووسیویەتییەوە.

داستانی محەممەد حەنیفە داستانێکی بەناوبانگی ناوچەی کۆبانێی ڕۆژاوای کوردستانە. لە سەردەمانی زوو بە شێوەی زارەکی بە تایبەتی لەلایەن دەنگبێژانەوە پشتاوپشت بۆ نەوەکان گواستراوەتەوە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە دەخرێتە دووتوێی کتێبێک و چاپ دەکرێ.

محەممەد حەنیفە داستانێکە وەکو هەڵبەست بە شێوەزاری کرمانجی زمانی کوردی ناوچەی کۆبانێ و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردی بڵاوە. ڕووداوەکانی باس لە پاڵەوانێتی محەممەدی کوڕی عەلی ئەبوو تاڵیب و حەنیفەی ڕۆمی دەکات کە شەڕیان لە دژی نەیارەکانی ئیسلام کردووە. هەروەها باسی موسوڵمانبوونی کچی سەرکردەی ئەو میللەتەی نەیاری ئیسلام دەکات بە ناوی "مینە" کە بەهۆی سەرسامبوونی بە محەممەد حەنیفە، دەستی لە ئاینەکەی خۆی هەڵگرتووە و بووەتە موسوڵمان.

# کتێبفرۆشێک ڕێز لە خوێنەرەکانی دەگرێ

**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

ڕۆژی 16/12/2019 ، خانەی ئاشتی لە هەولێر خەڵاتی ڕێزلێنان بە کۆمەڵێک لە خوێنەرانی ڕۆژنامە، گۆڤار و کتێب دەبەخشێ.

ئاشتی شێرکۆ، خاوەنی خانەی ئاشتی لە هەولێر بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "خانەی ئاشتی وەکو یەکەم خانە لە هەرێمی کوردستان و لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی بەرامبەر دۆستانی کتێب و وەکو هاندان و ڕێزلێنان، ڕێز لە ژمارەیەک خوێنەری دێرینی خۆی دەنێ".

مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنانەکە لە سەعات 10ی بەیانی ڕۆژی 16/12/2019 لە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر بەڕێوەدەچێ و 14 خوێنەر خەڵات دەکرێن، ئەوانیش: فەرهاد عەونی، کاکەمەم بۆتانی، عومەر فەرهادی، تاریق جامباز، ئیسماعیل بەرزنجی، شێرکۆ سلێمان، سابیر ڕەشید، محەممەد سەعید، عەبدولقادر عەزیز، تاریق کارێزی، سەعدوڵلا پەرۆش، محەممەد سلێمان، ڕۆژگار شێخانی و مومتاز حەیدەرین.

بەگوتەی ئاشتی شێرکۆ، ئەمە دوا هەنگاوی خانەکەیان نابێت و دەڵێ: "ئەمە یەکەم هەنگاوی خانەی ئاشتییە، بەڵام دوا هەنگاو نابێت و بەردەوام دەبین لە خزمەتکردنی ئەو کەسانەی لەنێو کایەی کتێب و خوێندنەوە خزمەتیان کردووە".

نامەئەکادیمییەکان

# شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم




هەرێم عوسمان

مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی



(شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم) ناونیشانی ماستەرنامەیەکی (سامان جەلال) ە کە بەسەرپەرشتیی (پ.د.ی. ئەنوەر قادر) ساڵی (2010) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە. سەرەتای نامەکە، دوو بەیاننامەی ئیمەیجیستەکان بە کوردی بڵاوکراوەتەوە کە توێژەر لەسەر بنەمای چەمکەکانی ئەم قوتابخانەیە، بە سێ بەش لە شیعری گۆرانی کۆڵیوەتەوە.

بەشی یەکەم، گەشتێکە بەناو مێژوو و چەمکە بنەڕەتییەکانی ئیمەیجیزمدا. سەرەتا زاراوە و چەمکی (ئیمەیج وێنە) دەخاتەڕوو. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا پێنج مانا بۆ زاراوەکە هاتووە: ئینتباعێکە، کەسێک، ڕێکخراوێک یان بەرهەمێک دەیدات. وێنەی هۆشەکیە، کۆپیی کەسێکە یان وێنەی بینراوی کەسێک یان شتێکە لە ئاوێنەدا، وشە یان فریزێکە بە خەیاڵئامێز پەسنی شتێک دەکات. وێنە گرنگترین بەرجەستەکانی خەیاڵە لە شیعردا. سەرچاوەی چێژی شیعر بۆ خوێنەر لە مۆسیقا و وێنەدایە. لای بیلینسکی شیعر تەنیا بیرکردنەوەیە بە وێنە.

توێژەر بە یارمەتیی کۆمەڵێک نووسەر جەخت لەسەر ڕەسەنایەتی شیعر بەهۆی وێنە دەکاتەوە. وێنەی شیعری یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی بنیاتی شیعر، بۆیە توانای دروستکردنی وێنەی شیعری نیشانەیە بۆ شاعیربوون. توێژەر ئاماژە بە وێنەی شیعری بەپێی قۆناغەکان دەکات کە سەرەتا وەک ڕەگەزی ڕازێنەرەوە لە سەدەی بیست و هاوچەرخیشدا وەک ڕەگەزی سەرەکی بینراوە، چونکە وێنە لەگەڵ گیان و هەست و خەیاڵدا دەدوێت.

لە بەیاننامەی یەکەمی ئیمەیجیستەکاندا بەم شێوەیە پێناسەی وێنە کراوە: "وێنە، ئاڵۆزێک لە هزر و سۆز لە ساتێکی کورتدا پێشکەش دەکات...ئەم ئاڵۆزکاوە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی هەستێکی ئازادبووی لەناکاو لە سات و شوێنێکی سنووردار دا".

دواتر توێژەر ئاماژە بۆ قوتابخانەی ئیمەیجیزم دەکات کە لە 1910 بەدواوە بە ڕابەرایەتی (ئیزرا پاوەند، هیولم، تی.ئیس.ئەلیۆت و هتد) ڕاگەیەنرا و لە ساڵی 1913 لەلایەن ف.س فلینتەوە لە گۆڤاری شیعردا بڵاوکراوەتەوە. توێژەر پێیوایە ئەم قوتابخانەیە کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر بزووتنەوە ئەدەبییەکان و ژانرە جیاوازەکان داناوە، هەرچەند کەمی لەسەر نووسراوە و زانیارییەکان لەسەریان زارەکی بووە. بەرهەمەکانیان لەنێوان پێش جەنگی یەکەم و دوای جەنگدا بڵاوبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوەبینی و پاوەند وەک داهێنەر و ناودۆزەرەوەی قوتابخانەکە و ڕێکخەری ناسراوە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیش لەسەر پۆلێنی قۆناغەکانی سەرهەڵدانی دەکرێت. قوتابخانەی ئیمەیجیزم سوودی زۆری لە بێرگسۆن، فرۆید و ولیام جەیمس، هەروەها شاعیرە دێرینەکانی یۆنان و شیعری هایکۆ و تانکای چینی و ژاپۆنی بینیوە. ئێدوارد ستۆرەر لە 1908 شیعرێکی بڵاوکردەوە کە بە یەکەم شیعری مۆدێرنی ئینگلیزی دادەنرێ ناوی "وێنە"ی لێنرابێت:

دڵدارە لێکجیابووەوەکان
دەسووتێن بۆ مانگی سپی پاکیزە
لەنێو ئاگردانە نەناسراوەکانی تەنیایی و
نەهاتیدا

دیارە ناکۆکی و جیاوازیی پاوەند و فلینت بووە هۆی دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نوێ لەلایەن پاوەند بەناوی "فۆرتیسیزم" لە 1915 دا.

دواتر توێژەر ئاماژە بە بنەماکانی ئیمەیجیزم دەکات کە لە بنەڕەتدا قوتابخانەکە دژی زیادەڕەویی ڕۆمانتیکەکان لە خودێتی و سۆزدارێتیدا سەریهەڵداوە. بنەماکان بە گشتی ئەمانەن: سادەیی و ڕاستەوخۆیی نووسینی ڕاستییەکان نەک ئاڵۆزی و ژاوەژاوی ڕەوانبێژانە. دژی شێوە شیعرییە باوەکان بوون و باوەڕیان بە فۆرمێکی شیعرییە کە بابەتی شیعرەکە دەیخوازێت، نەک قاڵبی ئامادە؛ کەواتە ڕێزیان لە شیعری ئازاد گرتووە و جەختیان لە وێنە بەرجەستەکان دەکردەوە، دەیانگوت ئەدەب بۆ تێگەیشتنی گشتە نەک دەستەبژێر، هەروەها هەستەکانیان لا پەسەند بووە نەک هۆشیان، بایەخیشیان بەبابەتێکی دیارکراو نەداوە، بەلایانەوە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەت گرنگ بوو. بنەماکان بۆ ئەوان ناکرێت دۆگمایانە ببینرێت، بەڵام لایەنی تەکنیکیشیان لا گرنگ بووە، بۆیە دەنووسن "وشەی زیاد و ناپێویست بەکارمەهێنە، ئاوەڵناوێکیش بەکارمەهێنە شتێک دەرنەخات... سڵ بکەرەوە لە نابەرجەستە. لە شیعرێکدا ئەوەی تاڕادەیەک بە پەخشانێکی باش گوتراوە مەیڵێرەوە". دواتر توێژەر لەسەر ئەم بنەمایانە دەوەستێ و شیکارییان دەکات.

لە بەشی دووەمدا توێژەر بەشێوەیەکی پراکتیکی شەش لەو بنەمایانە لە شیعرەکانی گۆراندا دەخاتەڕوو:

1ـ کۆنکرێتبوون نەوەک ئەبستراکتبوون لە پێشکەشکردنی وێنەدا.
2ـ ناپێویست فرێدان و چڕکردنەوە-تەرکیزکردن.
3ـ بەکارهێنانی وشەکانی زمانی ڕۆژانە و وشەی پڕبەپێست.
4ـ تایبەتمەند بەکارهێنانی کردار و خۆدزینەوە لێی.
5ـ بایەخدان بە خستنەپاڵ یەک بەتایبەتی بۆ بەراورد لە بنیاتی وێنەی شیعریدا.
6ـ بایەخدان بە هەستەکان لەبری هۆش.

توێژەر بۆ بنەمای یەکەم نزیکەی 120 بەیت کە چەندین شیعر دەگرێتەوە، دەخاتە ناو ئەم بنەمایەوە. گۆران لەبری وەسف، وێنەمان پێشکەش دەکات.

چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا
لێت
پرشنگی خشڵ ئەبڵەق ئەکا دەوروبەری ڕێت
ڕۆژی دەمی کەل حازرە بۆ پێشکەشی بەر
پێت
ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەی تازە!

شاعیر مامەڵەیەکی کۆنکرێتی لەگەڵ وێنە پێشکەشکراوەکاندا کردووە. توێژەریش ئاماژە بۆ چەندین شیعری گۆران دەکات کە بابەتی لێکچوواندن و میتافۆری کەم تێدایە یان هەر تێیدا نییە، بۆ نموونە "ئافرەت و جوانی". گۆران توانیویەتی مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیاردە و شتەکاندا بکات؛ ئەمەش چڕێتی بە شیعرەکانی بەخشیوە؛ کە بە وتەی پاوەند "چڕێتی گیانی شیعرە".

لە بنەمای دووەمدا کە بەکارنەهێنانی ئەو وشانەیە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە پێشکەشکردنی وێنەدا ناکەن، توێژەر دەڵێ: گۆران لە 120 بەیتدا 152 وێنە دەخاتەڕوو کە زۆرترینیان وێنەی وەک خۆیین، دەشڵێ: ئاوەڵناوەکانی ڕەنگ ناکرێت لاببرێن و بە زیاد دابنرێن، هەروەها لە 22 بەیتدا 16 وێنەی لە ڕێگەی ئاوەڵناوی لۆجیکییەوە خستووەتەڕوو، کە ئەوانەن وێنەی شیعرییان پێکنەهێناوە، بۆ نموونە:

عەکسی سەوزایی ڕووی پڕ لەرەی ئاو
تیا ئەشکایەوە پرشنگی هەتاو!

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە کە مەبەست لەو زمانەیە خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان خۆیاندا بەکاریدەهێنن، ئەم زمانەش ڕۆشن و بێ گرێیە، هاوکات کوردییەکی پوختە و نوێکردنەوەی شیعری کوردیش هەنگاوێک بوو بۆ بەکارهێنانی کوردیی پەتی و گەڕانەوە بۆ زمانی خەڵک کە گۆران شیعرەکانی نموونەی ئەم جۆرە زمانەن. سەبارەت بە بنەمای چوارەمیش، توێژەر دەڵێ، لە زمانی کوردیدا ڕستە بەبێ کردار نابێت، بەڵام لێهاتوویی گۆرانی شاعیر و کاریگەربوونی بە سالمی شاعیر، لەم ڕێچکەیەدا یاریدەدەر بووە تا ئەو کردە شیعرییە نائاساییە ئەنجام بدات. گۆران ژمارەیەک وێنەی بەبێ کردار پێشکەش کردووە، خوێنەریش هەست بەوە ناکات کرداری بەکارنەهێنابێت:

شنەی بای ناو دۆڵ فێنک و عاستەم
ڕێ لاپاڵی شاخ، لای خواروومان چەم.

گۆران 10 وێنەی لە 17 بەیتدا بەبێ کردار پێشکەش کردووە.

سەبارەت بە بنەمای پێنجەمیش کە هونەری خستنەپاڵی چەند وشە، دەستەواژە و وێنە و دیمەنێکە بۆ مەبەستی بەراوردکردن بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەبارەیانەوە، گۆران دەنووسێ:

ئەڕۆی بەعیشوە، بەلەنجە، بەوەزنی گۆرانی
ئەڕۆی.. زڕەی کەمەرت دێ هەتاکو بەرکانی!

لێرەدا چەند جۆری ڕۆیشتنی بۆ دەرخستنی وێنە گەورەکە مۆنتاج کردووە. گۆران لە ئاستی وشە و فرێز و ڕستە و دەستەواژەدا خستنەپاڵی بۆ نیشاندانی وێنە جۆراوجۆرەکان ئەنجامداوە:

خەوە، خەیاڵە، عەردە، بەهەشتە؟
هەڵپەڕکێی ژنە یا هی فریشتە؟

گۆران ئەم وێنەیەی بەهۆی دووجار ئەنجامدانی خستنەپاڵ یەک، لە چوار ڕستەی کورت و دوو ڕستەی پرسیندا خستووەتەڕوو. لە بنەمای شەشەمیشدا کە بایەخدانە بە هەست نەک هۆش، گۆران نموونەی شاعیری بایەخدەر بە هەستەکانە. بۆ نموونە لە شیعری "ئاواتی دووری" پەنای بۆ چوار لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ بردووە، پێشکەشکردنەکەشی بەشێوەی هونەری و ڕیزبەندی کە لە بینین [دوور] بۆ دەستلێدان [نزیک] بووە.

بەشی سێیەم، بۆ چەند بەهایەکی ئیستاتیکی و هونەریی وەک کێش و سەروا و وێنەی جۆراوجۆر تەرخان کراوە. سەرەتاش ئاوڕ لە مێژووی سەرهەڵدانی جوانکاری دەداتەوە. دواتر باسی کێشە جواروجۆرەکانی شیعرەکانی گۆران دەکات، لەوانە: عەرووز کە 40 شیعری بەم کێشە نووسیوە. کێشی بڕگەیی-خۆماڵیش کە زۆرترین شیعرەکانی بە ڕێژەی (65%)بەم کێشەیە، بەتایبەتیش کێشی 8 و 10 و 11 بڕگەییە. هاوکات کێشی تێکەڵیشی بە ڕێژەی (10%)بەکارهێناوە. سەبارەت بە سەرواش گۆران زۆرترین شیعری بە سەروای هەمەڕەنگ داناوە. دواتر توێژەر ئاماژە بە پەیوەندی و کاریگەریی گۆران بە شیعری فۆلکلۆر و شاعیرانی کلاسیک دەکات. لە کۆتایی ئەم بەشەشدا ئاماژە بە چەندین وێنەی جۆراوجۆر دەکات کە فرەو دووبارەبوونەتەوە لە دیوانی گۆراندا. سەبارەت بە ئاکامی توێژینەوەکەش، 17 خاڵ دەخاتەڕوو، لەوانە: گۆران بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و دوور لە تەمومژ و سیمبول وێنەی پێشکەش کردووە، بایەخی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەت لێکچوواندن داوە. زۆر کەم ئاوەڵناوی نرخاندنی بەکارهێناوە، ئەمەش لەپێناو بەپوختی و چڕی پێشکەشکردنی وێنەکان. هاوکات ڕێژەی ئاوەڵناوە هونەرییەکان لەچاو ئاوەڵناوە لۆجیکییەکان کەمترن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و مانای فەرهەنگییان، هەربۆیە بە دەگمەن وشەی نباوی دوور لە زمانی ڕۆژانە بەکارهێناوە، لەبەرئەوە گۆران پابەندی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بووە نەک کوردیی پەتی. گۆران شێوازێکی نزیک لە سەبکی هندی بەکارهێناوە. بۆ مەبەستی بە کراوەیی هێشتنەوەی وێنەکان سوودی لە کۆما (،) و (...) و نیشانەی پرس و سەرسوڕمان بینیوە. بایەخی بە هەستەکان و بەتایبەتی هەستی بینین داوە، لە کۆی 77 وێنە 38یان بە هەستی بینین بنیاتنراوە. گۆران کێشی شیعرەکانی لەسەر بنەمای بابەتی شیعر بەکارهێناوە. بایەخێکی فرەی بە سروشت داوە کە ئافرەتیش بەشێکن لە سروشت.

# دیالۆگ لە فیلمدا

ئاڵا هۆشیار

هەموو مرۆڤێک لەنێو کۆمەڵگادا پێویستی بە زمان هەیە، بەڵام بەپێی جێگە و پێگەی کەسەکە ئاستی زمانی ئەم کەسانە دەگۆڕێ، واتە بازنەی وشەکانی کەسێک بۆ کەسێک جیاوازە. بۆ نموونە، کرێکارێک ئەگەر بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکەی پێویستی تەنیا بە پێنجسەد وشە هەبێ لە ڕۆژێکدا، ئەوا سیاسییەک پێویستی بە پێنج هەزار وشە هەیە و مامۆستایەکی زانکۆش، دەبێ بازنەی وشەکانی فراوانتر بێت. لەسەر ئەساسی ئەم پێوەرە، زمانی کەسایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا جیاوازە.

بۆیە بۆ دروستکردنی جۆرێک لە زمان پێویستە کەسایەتی نێو فیلم پێشەکی خاوەنی ناسنامە بێت، واتە بزانین پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم کاراکتەرە چییە، لەسەر ئەساسی هەمان پێگەی کۆمەڵایەتی لە سینەما فۆرمی زمان دەگرێ. زمانێک کە بینەر ئەو جۆرە دیالۆگە بە ئاسانی وەربگرێ، بۆ نموونە ئەگەر سەیری فیلمێکی سینەمایی بکەیت و دکتۆرێک نیشان بدات کە بە زمانی چینی خوارەوە قسە دەکات، ئەگەر لە چەند سکانسی پێشتر ئاماژەت بەوە نەدابێت کە ئەم دکتۆرە، لە چینی خوارەوەیە و (دەبێ بەو زمانە قسە بکات) بینەر ئەو کاراکتەرە وەرناگرێ و لە خۆی دەیبێزێنێ! تەنانەت دەتوانین زمانی چینەکان بۆ جۆری تێڕوانینیان بۆ دونیا کورت بکەینەوە، بۆ نموونە جووتیارێک تێڕوانینی بۆ دونیا بە جۆرێکە و نووسەرێک تێڕوانینی بۆ دونیا بە جۆرێکی ترە، دەبێ نووسەر و دەرهێنەری سینەمایی تا ڕادەیەک شارەزایی لە کۆمەڵناسیدا هەبێت و ئاگایی چینایەتی هەبێت.

## زمانی هاوچەرخ

دیاردەی زمان بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، ئەم نوێبوونەوەیەش دەبێ لەگەڵ سینەما- کە هونەری ئاسان و هونەری گشتییە- بەردەوام نوێ ببێتەوە، بۆ نموونە کاراکتەرەکانی نێو فیلمێکی کوردی کە لە ساڵی دووهەزار و بیست دروستکراوە و باسی ئەم سەردەمە دەکات، ناتوانێ بە زمانی چەند دەیە لەمەوبەر دیالۆگەکانی بەرێتە پێش، ئەگەرچی بە هۆی لاوازیی سیناریۆی کوردی بەردەوام ئەم زمانە لە سەردەمی نوێدا لەنێو فرێمی سینەمایی دەبینین، بەڵام ئەم حاڵەتە نەشازە و بینەر ناتوانێ هەزمی بکات.

## تەتەڵەکردنی زمانی دیالۆگ!

ئێمە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەماندا هەمیشە ڕستەیەک دووبارە و چەندبارە دەکەینەوە، یان ڕستەیەک بە هەڵە دەڵێین و بیری لێدەکەینەوە و بە جۆرێکی تر دایدەڕێژین، ئەم جۆرە دیالۆگە لە ڕۆژدا لە نێوان مرۆڤەکان ئاساییە، هەندێک جار دەبێتە مایەی پێکەنین، یان باشتر داڕشتنەوەی دیالۆگەکە، بەڵام ئەم جۆرە تەتەڵەکردنی زمانە، لە فیلمێکی سینەماییدا نەشازە و مەودای فیلم مەجالی ئەو جۆرە تەتەڵەکردنی زمانە نادات، مەگەر کاراکتەر یان کەسایەتی لە فیلمەکەدا بەو شێوازە بۆ بینەر پێناسە کرابێت.

## بۆچی دیالۆگ؟!

قسەیەکی باوی سینەمایی هەیە کە دەڵێ: لە هەر شوێنێک سناریست هەستی بە لاوازی کرد، پەنا دەباتە بەر نووسینی دیالۆگ! مەبەست لە دیالۆگ ئاراستەکردنی چیرۆک بەرەو خاڵی کۆتایی نییە، مەبەستمان لە دیالۆگ هوتاف و قسەی باق و بریق و دیالۆگی ئیحساسیە کە ئیتر دەرهێنەر و سناریست ناتوانن بە "نما" نیشانی بدەن و پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە لە زمان! ئەگەرچی دیالۆگ بەشێکە لە زمانی سینەما، بەڵام بوونی لە ئاستی بەرزی هونەریدا وێنەی سینەمایی دەدات.

## زاراوە لە سینەمادا

ئەگەرچی بەکارهێنانی زاراوە لە سینەمادا گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام هەست دەکەی بەکارهێنانی زاراوە وەک چەقۆیەکی دوو سەر وایە کە پەیوەندی بەکارهێنانی زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ دونیابینی ئەو دەرهێنەرەی دەیەوێ زاراوە لە فیلمدا بەکاربێنێ، ئەگەر دەرهێنەرێک مەبەستی بێت زاراوەیەک لە فەوتان و نەمان ڕزگار بکات، ئەوە هەوڵ دەدات بەردەوام زاراوەی شارە تایبەتەکان لە سینەمایدا ڕەنگ بداتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارە فاشیستەکان لەڕێی سینەماوە بەردەوام هەوڵی سووک و بێبایەخکردنی ئەو کەمینانەیان داوە کە دەزانن مەترسین بۆ دەسەڵاتیان؛ نموونەی هەرە دیاری لێدان لە نەتەوەی کورد، بەکارهێنانی زاراوەی کەلهوڕیی تێکەڵ بە فارسی بوو لەلایەن ئیبراهیم حاتەمی کیا لە فیلمی (چ). بەهۆی پەراوێزبوونی کەمینەکان لە سەنتەری شارە گەورەکاندا، دیمەنی ئەو ناوچانە دەتوانێ کەرەستەیەکی باشی وێنەیی بێت و جۆرێکی تر لە نیشانەی سینەمایی لەو شوێنە دووردەستانە بە جۆری قسەکردنیشیانەوە بە بینەر بناسێنین.



# ئەخلاق لە ململانێی شێریا و کالیگۆلادا

## (خوێندنەوەی شانۆنامەی "کالیگۆلا" یان ئیمپراتۆریەتی پووچی)

عادل قادری



لە کالیگۆلای ئالبێرکامۆدا مرۆڤێکی ڕاستەقینە بابەتی شانۆنامەکەیە:

گایۆس یۆلیۆس قەیسەر گێرمانیکۆس (1 ) کە ناوداره بە کالیگۆلا (نیو چەکمە)، لە ساڵانی 41-37 زایینیدا ئیمپراتۆری ڕۆم بوو (چوارەمین ئیمپراتۆری ڕۆم). کالیگۆلای ڕاستەقینە، وەکوو کالیگۆلای شانۆنامەکەی کامۆ، زۆر زوو هۆگریی بۆ پەرەپێدانی ئیمپراتۆرییەکەی نەما و هەموو سەرنجی خۆی خستە سەر ژیان لە ڕۆم. دوای تووشبوونی بە نەخۆشییەک لە سەرەتای سەردەمی حوکمڕانیدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێ ڕەحمانەتر و غەریبتر بوو. یەکەمین ئیمپراتۆری ڕۆم بوو کە بریق و باقەکانی حکوومەتی کۆماری خستەلاوە و یەکەمین ئیمپراتۆرێک بوو کە خۆی بە "خودای زیندوو" ناوزەد کرد. ئەو لە هاودەمی و دانیشتن لەگەڵ ئەکتەر و گلادیاتۆرەکان چێژی دەبرد و هەندێ جار خۆیشی دەچووە نێو گۆڕەپانەوە. مێژوونووسی ڕۆمی، سویتۆنیۆس (2 ) دەڵێت کالیگۆلا گیرۆدەی بێخەوییەکی کوشندە و لەڕادەبەدەر بوو، حەزی دەکرد جلوبەرگی ژنانە لەبەر بکات و دەست بداتە هەموو چەشنە ڕابواردن و سۆزانیگەرییەک-لەوانەش زیناکردن لەگەڵ سێ خوشکەکەی. پاتریسینە ڕۆمییەکان بە چاوێکی سووکەوە سەیریان دەکرد و یەهوودی و مەسیحییەکانیش دەیاندایە بەر جنێو و نەفرەتیان لێدەکرد. هەندێک لە مەسیحییەکان پێیانوابوو کالیگۆلا هەر هەمان "دەجالە". سەرئەنجام گرووپێک لە سیناتۆرەکان یەکێک لە ئەفسەرەکانی گاردی پرایتۆریا (کۆشکی پاشایەتی) واتە کاسیۆس شێریا (3) یان گەیاندە ئەو قەناعەتە کە بیکوژێت. لە بیست و چوارەمی کانوونی دووەمی ساڵی 41 ی زایینیدا، کالیگۆلا و ژنی چوارەمی (کایسۆنیا) (4) لەڕێڕەوی ژێرزەمینی کۆشکدا بە چەقۆ دەکوژرێن. یەکێکی دیکەش لە گاردەکانی پرایتۆریاش سەری کچە منداڵەکەیان وەبەر دیوار دەدات و مێشکی دەپژێنێ.

بەزۆری هەموو وردەکارییەکانی شانۆنامەکەی کامۆ لەمەڕ کالیگۆلاوە لە گێڕانەوە و ڕاپۆرتەکەی سویتۆنیۆس لەکتێبی دوانزە قەیسەر (5) وەرگیراوە، بەڵام کامۆ ئەم وردەکاریيانە پێکەوەدەنێتەوە تاکوو چیرۆکێک بگێڕێتەوە کە بەهیچ کلۆجێک بانگەشەی وردبوونەوەی مێژوویی نییە. کالیگۆلای کامۆ درامایەکی ئەندێشەیە نەک بەدراماکردنی مێژوو. دەسپێکی شانۆنامە ماوەیەکی کورت دوای مەرگی درۆسێلا، واتە خوشک و خۆشەویستەکەی کالیگۆلایە. کالیگۆلا سەرسوڕماو و پڕ داخە لەم مەرگە، بێ مەبەست لە دەوروبەری ڕۆم سەیران دەکات و سەرگەردانە و هەر لەم کاتەدا دەگاتە فامێک لە "پووچی". دوای گەڕانەوە بۆ کۆشک، ئەم فامەی خۆی وەها بەیان دەکات: «حەقیقەتێکی زۆر سادە و تەواو ڕۆشن، تۆزێکیش گەمژانە... ئینسانەکان دەمرن و بەختەوەر نین». (CTOP،8)

ئێمە کالیگۆلا پێش لە مەرگی درۆسێلا نابینین، بەڵام بە ئێمە دەگوترێت کە لەوکاتەدا مرۆڤێکی شیاوی پشتپێبەستن، میهرەبان و تا ڕادەیەک ئاسایی بووە. کایسۆنیا، کە لە شانۆنامەکەی کامۆدا خۆشەویستێکی وەفادارە، ئەم کالیگۆلایەی «پێشوو» ئاوەها باس دەکات: «بە منی دەگوت ژیان ئاسان نییە، بەڵام حەجمانگەلێکی هەیە دین، هونەر و سۆزی دیتران. زۆربەی کات دووپاتی دەکردەوە کە تاقانە هەڵەی ژیان هێنانەئارا و وەبەرهێنانی ڕەنجە». (CTOP،10)

کالیگۆلای«هەنووکە» نە شیاوی پشتپێبەستنە، نە میهرەبان و نە ئاسایی. تووشی جۆرێک وەرگەڕانی غەیری دینی بووە. "ئەو" ئێستا بە زایەڵەیەکی پووچەوە دەڵێت: «ئینسانەکان دەمرن و بەختەوەر نین».

کالیگۆلا پووچیی دۆخی مرۆیی بەم دەربڕینە بەیان دەکات، «ئینسانەکان دەمرن و بەختەوەر نین»، بەڵام نیگای خۆی بۆ دۆخی ئینسانی بەدەربڕینێکی وردتر و ناسکتر بەیان دەکات. کاتێک لە مەرگی خوشکەکەی، واتە درۆسێلا دەدوێ و دەڵێت: «خەڵک واتێدەگەن ئەگەر کەسێک ڕەنج دەچێژێت، لەبەرئەوەیە کە بۆنموونە خۆشەویستەکەی لە کتوپڕێکدا مردووە، لەحاڵێکدا ڕەنجی حەقیقی مانادارترە، ڕەنج دەچێژێت چوون دەبینێت خەمیش بەردەوامی نییە، تەنانەت دەردیش بێمانایە». (CTOP،71)

کالیگۆلا سەرەڕای ئەوەی کە تێدەگات بەختەوەریی ئینسان فشۆک و لەرزۆکە، درک بەوەش دەکات کە زۆربەی ئینسانەکان لە خۆفریودان سەبارەت بەم لەرزۆکییەوە، پسپۆڕ و لێبڕاون. ئەو بڕیار دەدات کە خەڵک لە وەهمەکانیان ڕزگار بکات و چوون ئیمپراتۆرە، دەسەڵاتی ئەم کارەشی هەیە. بە هاوڕێکەی، واتە هلیکۆن (6 ) دەڵێت: کەواتە لە دەوروبەری مندا هەرچی هەیە درۆ و خۆفریودانە و من دەخوازم خەڵک لەگەڵ ڕاستیدا بژین! و لەڕاستیشدا، کەرەستەکەشم هەیە کە ئەوان پێمل بکەم تا لەگەڵ ڕاستیدا بژین. چونکە دەزانم ئەوان چییان نییە، ئەوان زانست و مەعریفەیان نییە و مامۆستایەکیان دەوێ کە بزانێت چ دەڵێت. (CTOP،9)

کالیگۆلا ئەم ڕۆڵی مامۆستاییەی بەو شێوەیە دەبینێ کە حوکمڕانییەکی دڕندانە دادەمەزرێنێ، تێیدا خەڵکەکەی، بەتایبەتی پاتریسینەکان، بێ هیچ هۆیەک دەداتە بەر بێ حورمەتی و جنێو و سووکایەتی، سێکس لەگەڵ ژنەکانیان دەکات و دواتر دەیانکوژێت. پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی ساز دەکات کە تێیدا نە عەدالەت هەیە، نە گونجاوی و هاوتەریبییەک و هەر هاووڵاتییەک لە هەراس و سامی هەمیشەیی لەهەمبەر لەسێدارەدانی بێ بنەما و بێ یاسادا دەژی. ئەو هەموو خەڵکەکەی دەگۆڕێتە سەر تاقمێک بەندکراوی سزادراوی چاوەڕوانی سێدارە. پووچیی بێبەزەییانەی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دەبێت ئاوێنەیەک بێت کە پووچیی جیهان بنوێنێتەوە.

ئەوەی وا ڕوونکردنەوەی ئەستەمە هەڵپێکرانی ئەم حکوومەتی دڕندەیەی کالیگۆلایە لەگەڵ ئامانجە ئاشکراکەی، واتە «ڕەنجەکان کەمتر ببن و ئینسانەکان نەمرن». (CTOP،16) . ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە ئەو بەخۆلادان لە تووشکردنی ڕۆم بە جەنگ، ڕێژەی مردن لە ڕۆم کەم دەکاتەوە. هەر بەو شێوەیە کە بە ئیسکیپیۆن (7 ) دەڵێت: «بچووکترین جەنگی پاشەیەکی ملهوڕی عاقڵ بۆ ئێوە هەزار جار قورسترە لە چڵێسییەکانی سرووشتی ڕەنگاڵەیی من» (CTOP،44) . بەڵام ئەو ئازاری دەوروبەرەکانی زیاتر دەکات و کارێکیش ناکات کە «ئینسانەکان نەمرن».

ئەو خۆی بە خودایەک وێنا کردووە کە تەنها دەسەڵاتێکی سنوورداری لە مەرگدا هەیە، بەڵام تواناییەکانی سنووردارن و لە قەبارەی وەهمەکانیدا نین، ئەم تێگەیشتنە لە شانۆنامەکەدا وەها دەیخوێنینەوە:

"کایسۆنا: کەواتە دەتەوێ لەگەڵ خودایان قۆچە (هەوڵ بۆ هاوڕیزی) بکەیت. شێتی لەمە خراپتر نابێت".

کالیگۆلا: تۆش من بە شێت دەزانی. ئەسڵەن مەگەر خودا کێیە کە من بمەوێت قۆچەی لەگەڵدا بکەم؟ ئەوەی کە من ئەمڕۆکە بە تەواوی بوونمەوە دەیخوازم بانتر و سەرووتر لە ڕادەی خوداکانە. من بوومەتە خاوەنداری مەلەکووتێک کە نامومکین لەوێدا پادشایە."

.........

کایسۆنا: «لەهەمبەریدا دەوەستێ و بەهەوایەکی گریاناوییەوە» هەم چاکە هەیە هەم خراپە، هەم بڵند هەیە و هەم نەوی، هەم داد هەیە و هەمیش بێدادی. سوێندت بۆ دەخۆم کە لە هەموو ئەمانە هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردانایەت.

کالیگۆلا: «بەهەمان هەواوە» من ئیرادەم کردووە کە بیگۆڕم. من هاوسانیی پێشکەشی ئەم سەدەیە دەکەم. کاتێک هەموو شتێک یەکسان بوو، دواجار نامومکین هاتە سەر زەوی و مانگ گەیشتە دەستی من، ڕەنگە خودی خۆشم بگۆڕێم و دنیاش لەگەڵ مندا بگۆڕێت و ئەوکات خەڵک نەمرن و بەختەوەر ببن (CTOP،16-17).

ئەگەر وشەکانی کالیگۆلا بەمانا ڕواڵەتییەکەی وەربگرین، ئەوکات دەبێت وای دانێین کە ئەو لە ڕزگاریی جیهان و گۆڕانی خۆی بە نێوەنجی هێزێکی بانسرووشتییەوە دەدوێت. ئەم دەجالەش، وەکوو مەسیح، بەڵێنی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر مەرگدا دەدات، بەڵێنی گۆڕانی دونیا و کۆتاییهێنان بە گوناه و ڕەنجی مرۆڤ. بەڵام ئەگەر وتەکانی کالیگۆلا بەمانا ڕواڵەتییەکەیان وەرنەگرین، ئەوکات ڕاڤەیەکی گشتیی جیاواز دەکرێت. ئەگەر وای دابنێین کە ئەو لە گۆڕانی «ئەخلاقی و ڕۆحی» دەدوێت نەک لە گۆڕانی «فیزیکی و میتافیزیکی» و مەبەستی لە زاڵبوون بەسەر مەرگدا هەر ئەمەیە، ئەوکات پێویست بە نێونجڤانیی بانسرووشتی نابێت. من وای بۆ دەچم کە لەڕێگەی فەلسەفەی نیچەوە بشێت ڕاڤەیەکی هزرمەندانە بۆ گۆڕانی ئەخلاقی و ڕۆحییەک کە کالیگۆلا دەیەوێت بە ئاکامی بگەیێنێت، بدۆزینەوە. بۆ نموونە بڕیاری کالیگۆلا بۆ هاوسانکردنی «چاکە و خراپە، بڵند و نەوی، داد و بێدادی» وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ بانگهێشتی نیچە لە دەسپێکی "لە سەرووی چاکە و خراپە (8 )" بۆ بەپرسیارگرتنی«باوەڕ بە لێکدژی بەهاکان» هەیە:

چونکە دادخوازان و ئەهلی حەقیقەت و لەخۆبڕدووان، هەر بەهایەکیشیان هەبێت، هەمدیس دەتوانرێ بەهایەک کە فریو و خۆخوازی و شەهوەت بۆ ژیان هەیانە، بە بەهایەکی والاتر و بنەماییتر بزانرێت. هەروەها ڕەنگە ئەوەی مایە و هۆی بەهاداریی ئەم شتە باش و ستایشکراوانە بێت، ڕاستەوراست هەر ئەوە بێت کە لەگەڵ ئەو شتە خراپ و بەڕواڵەت لێکدژانەیاندا، بەشێوەیەکی زۆلانە پەیوەستن و گرێدراو و هاوپێوەند و تێکتەنراون لەگەڵ یەک- ڕەنگە لە یەک گەوهەر بن. ڕەنگە! (Nietzsche 1989،10)

کالیگۆلا دوای زانین بەمەی کە«ئینسانەکان دەمرن و بەختەوەر نین»، بەشێوەیەکی قووڵ پەشۆکاوە و دەیەوێت کارێک لەم بارەیەوە بکات. بەشێک لەوەی کە ئەو دەیکات دەتوانین بەجۆرێک لە پرۆژەی نیچەیی بزانین بۆ زاڵبوون و داشکان بەسەر خودا. ئەو بە تێکشکاندنی کۆتوبەندی سیستەمی ئەخلاقی نەریتی، دەخوازێت بگاتە ئازادییەکی خۆداهێنەرانە لە تەنیاییدا. نیچە لە ئاوابوونی بتەکان (9 )دا لە فەیلەسووفان دەخوازێت "لە سەرووی چاکە و خراپەوە دانیشن و وەهمی حوکمدانی ئەخلاقی داڕمێنن» . (Nietzsche 1954،501) ئەمە هەر هەمان ئیشە کە کالیگۆلا دەیکات.

بەداخەوە، کالیگۆلا فەیلەسووفێکە کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریانەی هەیە و لە سەپاندنی ئەزموونە ئەخلاقییەکانی خۆی بەسەر خەڵکی ڕۆمدا چرکەیەک هەڵوێستە ناکات. ئەگەرچی ئەو ناتوانێت بەسەر مەرگدا زاڵ بێت، بەڵام دەتوانێت هەوساری چۆن مردن و کەی مردنی خەڵک بگرێتە دەستییەوە. ئەگەرچی ناتوانێت گەرەنتیکەری بەختەوەری بێت، بەڵام دەتوانێت خولقێنەری بەدبەختی بێت. کالیگۆلا دەیەوێت خۆی لە کۆتوبەندی هەر هەستێک، هەر سۆزێک و هەر ئەرکێکی ئەخلاقی ڕزگار بکات. لەیەکێک لە قۆناغە کۆتاییەکانی ئەم خۆڕزگارکردنەی بەشێوەیەکی بێڕەحمانە، خۆشەویستە بەوەفاکەی، واتە کایسۆنیا دەخنکێنێت و دەڵێت: «من زیندووم، من دەکوژم، من دەسەڵاتی سەرسوڕهێنەری خودای نابووتکەر دەخەمە گەڕ کە دەسەڵاتی خودای ئافرێنەر، لە هەمبەریدا لە لاسایەکی قەشمەرانە بەولاوە هیچیتر نییە و ئەمەیە بەختەوەربوون. بەختەوەری ئەمەیە» (CTOP،72).

تەنیا کەسایەتییەک لە شانۆنامەکەدا کە نە لە کالیگۆلا دەترسێت و نە مەفتوونێتی، شێریایە. شێریا بە خودی کالیگۆلا دەڵێت کە حەز دەکات بیکوژێت چونکە ئەو مەترسی و هەڕەشەیەکە بۆ ئەمن و بەختەوەریی مرۆڤ. ئەو پێی لێدەنێت کە حکوومەتی کالیگۆلا درێژەی لۆژیکیانەی فەلسەفەی پووچییەکەیەتی، بەڵام نارەزایەتی لە هەمبەر حاکمێکە کە «فەلسەفەکەی دەگۆڕێتە سەر تەرمەکان» (CTOP،21). شێریا داکۆکی دەکات کە «وەکوو هەموو خەڵک»ە و دەیەوێت «بژێت و بەختەوەر بێت» (CTOP،51-2) . شێریا بۆی قووت ناچێت کە کالیگۆلا ژیان لە مانا بەتاڵ دەکاتەوە. ئەو بەم بنەما سەرەکییە باوەڕی هەیە کە «هەندێک کردار... لە هەندێکی تر زۆرتر شیاوی ستایشکردنن» (CTOP،72) . ئەوە شێریایە کە پیلانگێڕە ترس لێنیشتووەکان لە کاری کوشتنی کالیگۆلادا ڕێبەری دەکات و ئەوە کالیگۆلایە کە بوار دەدات ئەو ئەم ئیشە ڕاپەڕێنێ. لەڕاستیدا، کالیگۆلا کە خەڵکەکەی بە چڵێسانەترین بڕو بیانوو ئەشکەنجە کردووە و کوشتووە، بە لەناوبردنی لاپەڕەیەکی مۆمین (لەمۆم دروستکراو) کە دەتوانێت پیشان بدات شێریا لە پیلانەکەدا دەستی هەبووە «بێگوناهی» دەگەڕێنێتەوە بۆ شێریا.

چەند ساتێک بەر لە هاتنە ژوورەوەی پیلانگێڕان، کالیگۆلا لە بەرامبەر ئاوێنەدا دەوەستێ و پێ لێدەنێت کە ڕێگایەکی هەڵەی هەڵبژاردووە. ئەو ئەوقماو بەسەر وێنەکەی خۆیدا دەنەڕێنێ: «دەستەکانم دەبەمە پێشەوە و لەگەڵ تۆدا بەرەوروو دەبم، هەمیشە تۆ لە هەمبەر خۆمدا دەبینم و من ڕقم لە تۆیە. من بەرێگایەکدا کە دەبووایە بڕۆشتبام نەڕۆشتم، بە ڕێگایەکدا ڕۆشتم کە بە هیچ کوێ ناگات. ئازادیی من ئازادی نییە...» (CTOP،73).

واتێدەگەم کەمتر کەسێک هەبێت لەگەڵ ئەم ئەنجامگیرییە تەبا و هاودەنگ نەبێت. ئەو نەکردە (مەحاڵ)ـەی کە کالیگۆلا عەوداڵێتی بە سەرکەوتنێک نەگەیشتووە. لە ڕواڵەتدا، کالیگۆلا پیشانی خەڵکەکەی داوە کە ژیان دەشێت چەندە پووچ بێت، بەڵام«فێرکارییە»کەی ئەو جیاوازییەکی ئەوتۆ و قووڵی پێکنەهێناوە. خەڵکەکەی ئەو بێگومان دوای مەرگی ئەو ئانوسات دەگەڕێنەوە سەر وەهمەکانیان. بەڵام ئەوەی کە لە سێبەری گوماندا دەمێنێتەوە، ئەم وتەیەی ئەوە کە « ڕێگەیەکی هەڵەی گرتووەتە بەر» و «ئازادییەکەی ئازادی نییە» (CTOP،72).

کاتێک کە کالیگۆلا بەهۆی برینەکانییەوە خەریکە دەمرێت، هاوار دەکات: «من هێشتا زیندووم!».

#### پەراوێز و سەرچاوەکان

1. Gaius Julius Caesar Germanicus
2. Suetonius
3. Cassius Chaerea
4. Caesonia
5. Twelve Caesars
6. Helicon
7. Scipip
8. Beyond Good and Evil
9. Twilight of the Idols

سەرچاوەکان:

1-شایگان، داریوش، افسون زدگی جدید: هویت چهل تکە و تفکر سیار، مترجم فاطمە ولیانی، تهران نشر و پژوهش فرزان روز1380 .

2-ریچارد کمبر، فلسفەی کامۆ، خشایار دیهیمی، تهران، طرح نو 1385 .

# چەمکی خوێنەر لای ئەفلاتوون

حەمە مەنتک



ئەفلاتوون وەکو قوتابییەکی سوکرات، بە هەمان شێوەی مامۆستاکەی دانووی لەگەڵ بیرکردنەوە و تێڕوانین و فەلسەفەی سۆفیستاییەکاندا نەدەکوڵا. هاوکات هەمان شێوەی مامۆستاکەی فەلسەفەی کۆنی بە لاواز و ماوەبەسەرچوو دەزانی. لەبارەی شاعیرانەوەش هەمان بۆچوونی مامۆستاکەی هەبوو. هێندە هەیە سوکرات لە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەکەیدا پەنای بۆ دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گوێگرەکانی دەبرد، واتە ڕاستەوخۆ گفتوگۆی لەگەڵ قوتابی و هاوڕێکانی دەکرد، بەڵام ئەفلاتوون لەڕێی کتێبەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی فەلسەفەکەی دەدا، بۆ نموونە چەند کەسایەتییەکی وەکو سوکراتی هێناوە و لەڕێی ئەوانەوە قسەکانی خۆی کردووە. بۆیەش زۆربەی کتێبەکانی ئەفلاتوون گوزارشتن لە دانیشتنێک، سوکرات لەگەڵ خەڵکانێک دانیشتووە و قسە و دیالۆگ دەکەن. ئەوەی لە کتێبی کۆماردا تێبینی دەکرێت، سوکرات سەرپەرشتی دیالۆگەکان دەکات و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەچێت، تاکو دەگات بەو ئەنجامەی لەڕووی فەلسەفییەوە دەیەوێ بیسەلمێنێت. ((ئەفلاتوون شێوازێکی هونەری بۆ نووسینەکانی بەکارهێناوە و کێشە فەلسەفییەکانی لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان چەند کەسێکەوە دەربڕیوە، خوێنەر ماندوو ناکات، بەڵکو هانی دەدات چێژی لێوەرگرێت و بە ئاکامی گفتوگۆی نێو دیالۆگەکە بگات و وەڵامی پرسیارەکانی دەستبکەوێت.)) [کەمال: 2010: 48] ئەم شێوازەی ئەفلاتوون دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی چینی ڕۆشنبیری یۆنانی کۆن گرینگی زۆر بە فەلسەفە بدەن و هەوڵبدەن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لەڕێی ئەم شێوازەوە، واتە شێوازی وەڵام و پرسیار لەڕێی دیالۆگەوە. هەرچەندە هێندێک کەس ڕەخنەیان لەم شێوازەی ئەفلاتوون بەرانبەر خوێنەرەکانی دەگرت، بەتایبەت ئەو خوێنەرانەی لە ڕووی پاشخانی ڕۆشنبیرییەوە هەژار و دەستکورتن، ناتوانن لە مەبەستی ئەفلاتوون بگەن بۆ ئەو بابەتەی دیالۆگی لەبارەوە دەکات. هاوکات ڕەخنەی ئەوەیشی ئاراستە دەکرێت، ئەفلاتوون بە شێوەی نواندن بە زاری خۆی و سوکرات دەپەیڤێت، بەمەیش بۆ هێندێک ئاسان نییە جوایەزی لە نێوان بیرکردنەوەی ئەفلاتوون و سوکراتدا بکات. بۆیەش ((لەسەر خوێنەر پێویستە هەموو هوردە پارچەی بۆچوونەکان لێرە و لەوی کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی بگات بە بۆچوونێکی تەواوەتی.)) [شعراوی: 1999 : 97] کەواتە ئەم فەیلەسووفە لەڕێی دیالۆگەوە دەیویست واتاکان لەڕێی حەقیقەتی خواوەندییەوە بە خوێنەر بگەیەنێت. یەکەم هەنگاویشی ڕزگارکردنی خوێنەرە لەژێر هەژموونی فەلسەفە هەڵخەڵەتێنەرەکەی سۆفیستاییەکان، چونکە بڕوای وابوو بیرکردنەوەی ئەوان لەسەر وەهم بنیادراوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ڕەخنەی ئەفلاتوون لە بۆچوونی سۆفیستاییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

- هەستەکان ڕێیەکن بۆ گەیشتن بە زانست و زانیاری، ئەمەش لە زۆر باردا لەگەڵ درکپێکردنی خوێنەرەکان یەک نایەتەوە.
- گۆڕانی فێرکردن و دیالۆگ و پووچەڵکردنەوەی بەڵگەکان بەهۆی هەستە خودییەکانەوە.
- ئەگەر هەستەکان پێوانەی حەقیقەتەکان بن، کەواتە ئاژەڵیش وەک مرۆڤ دەتوانێ درک بە حەقیقەت بکات، چونکە هەمان هەستیان هەیە.
- بەم هۆکارەی سەرەوەش بێت، ناتوانین ڕاستی و ناڕاستی لە یەکدی جودا بکەینەوە. [امین و محمود: 1935 : 125]

ئەگەر لە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون بۆ ئەدەب بڕوانین، ئەوا ئەم فەیلەسووفە لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئەم کارەی نەکردووە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ دارمانی کەسایەتی خوێنەری یۆنانی. بۆیەش ئەو شاعیرەکان لە کۆمارەکەی دەردەکات. چونکە ئەوان لەبارەی هەست و سۆزەوە کار دەکەن، بەمەش وا دەکەن لاوەکان عەقڵ فەرامۆش بکەن و گرینگی بە هەست و سۆز بدەن. هاوکات لاوەکان هاندەدەن ڕەخنە لە خواوەندەکان بگرن و قسەی نابەجێ و نەشیاویان پێبڵێن. ئەفلاتوون بڕوای وایە ترسناکترین جۆری شیعر کە کاریگەریان لەسەر گوێگران و خوێنەران هەبێت، شیعری شانۆیی (کۆمیدیا و تراجیدیا) و شیعری داستانین، بەهانەی بۆ ئەم بۆچوونەی ئەوەیە شاعیر دۆنایدۆن لەگەڵ کەسایەتییەکان دەکات. واتە گوێگران و خوێنەران لەگەڵ کارەکتەری ناو دەقەکان تووشی دۆنایدۆن دەبن. واتە شاعیرەکان لەناو خەیاڵ و وەهمدا دەژین، بەمە خوێنەرانیش تووشی هەمان بار دەکەن. تەنانەت ئەوەی ڕەتدەکردەوە هێندێ لە ژنان لە شانۆییەکاندا ڕۆڵ ببینن، چونکە ڕەنگە لە وێنەی کەسانی بێبڕوا و خۆشەویستییەکی حەرامدا دەربکەون. ئەوەش ڕەتدەکاتەوە ئەرکی شیعر لە دڵخۆشکردنی خوێنەردا کورت بکاتەوە، چونکە ئەرکی سەرەکیی شیعر کاریگەرییە لەسەر کەسایەتی خوێنەر و پێگەیاندنیەتی بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە دەرکەوێت و شیعر کۆمەکی مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی ژیانی باش بکات. کەواتە ئەفلاتوون دەیویست حەقیقەتەکان لە زیهنی خوێنەردا بچەسپێنێ، ئەویش لەڕێی دیالۆگەوە.



سەرچاوەکان:


1. کەمال (د.محەمەد): 2010: فەلسەفەی ئەفلاتوون: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

2. امین و محمود (احمد و زکی نجیب): 1935 : قصة الفلسفة الیونانیة، مطبعة دار الکتب المصریة، القاهرة.

3. شعراوی (عبدالمعطی): 1999 : النقد الادبی عند الاغریق والرومان، مکتبة الانجلو المصریة، القاهرة.

# فەرهاد چۆمانی:

# هەموو ڕۆماننووسێک پەیامبەرێکە بە داماڵینی لە ڕەهەندە دینییەکەی



لە پاڵ ڕۆماننووسیندا هەمیشە گفتوگۆ لەسەر ئەو ژانرە درێژەی هەبووە، خوێنەران هەمیشە بە دوای هەندێ لەو وەڵامانەوەن کە پەیوەندییان بە سرووتەکانی نووسینەوە هەیە لای ڕۆماننووسان. ڕۆماننووسێک کە ڕۆمان دەنووسێت، چۆن سەرەتا بیر لە بیرۆکەکەی دەکاتەوە، چۆن یەکەم ڕستە و پەرەگراف دەنووسێت. چۆن نووسەرانی تر کاریگەریی لەسەر دروست دەکەن و ئەو چۆن دەتوانێت نەبێتە کۆپییەک لەوان؟

"ئەدەب و کولتوور"ی ڕووداو لەگەڵ چەند نووسەرێکی گەنجی کورد کە ڕۆمانێک یان زیاتریان نووسیوە، درێژە بەم گفتوگۆ بەردەوامە دەدات. ئەوان لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە نووسینی ڕۆمانەوە هەیە، ڕوونکردنەوە دەدەن و قسەی خۆیان دەکەن.

لە یەکەم گفتوگۆماندا، فەرهاد چۆمانی، نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور

**ڕووداو: دەمەوێت ڕاستەوخۆ لەم پرسیارە بە "ڕووکەش" سادەیەوە دەستپێبکەم، بۆچی بیرت لە نووسینی ڕۆمان کردەوە؟**

**فەرهاد چۆمانی:** لەڕاستیدا ئەم پرسیارە هێندەش سادە نییە، هەر بەم سادەییەوە دەمخەیتە دۆخێکەوە وەڵامدانەوەی دژوار بێت. چونکە "بۆچی" پرسیارەکە پەیوەست دەبێتەوە بە ماهییەتی بوونی خودی نووسەرەوە، بە داوەکانی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژیت، بەو هەلومەرجەی دەست بە نووسینی ڕۆمان دەکات و تێیدا دەنووسێت. "بۆچی"، پرسیارەکە لەڕاستیدا تەنیا ئامرازی پرسیار نییە لەبارەی بۆچی ڕۆمانم نووسی، بەڵکوو پرسیارە لەو بژارە سەختەی کەسێک دەیەوێ لە ڕێگەی ڕۆمانەوە بژیت و مانا بە بوونی خۆی بدات، شوێنگەی خۆی لەو ژینگەیەی تێیدا دێتە بوون دیاری بکات. لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بە بەها و پێگەی ئەدەب لای ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت. ئەگەر ئەمانە ڕەچاو بکەم، دەبێ نائومێدانە بڵێم؛ نازانم، یاخود بڵێم بۆ هیچ.

بەڵام ئەگەر نووسینی ڕۆمان لای من هەر ئەمە بووبێت ئەوا دڵنیابە نەمدەتوانی ڕۆمانی یەکەمیشم بنووسم. با وا بڵێم: وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ من بەردەوام لە دۆخێکی نەگۆڕ و تۆکمەبووندایە. وەڵامێکی خلیسک و نەگیرساو و بزۆکە. ڕەنگە بۆ ئێستا بتوانم بڵێم: نووسینی ڕۆمان لای من دوای ئەزموونێکی درێژی خوێندنەوە بوو، ناتوانم وەک موراکامی بڵێم: "ڕۆژێک سەیری یاری بەیسبۆڵم دەکرد و هەروا بڕیارم دا ببمە ڕۆماننووس"، بەڵام دەتوانم بڵێم شتێکیش لەمەی تێدابوو، ناوی نانێم ڕێکەوت، بەڵام دەشێ ناوی لێ بنێین ئەرکداربوون. بە بۆچوونی من هەر ڕۆماننووسێک پەیامبەرێکە، با ئەم ناوانە لە ڕەهەندە دینییەکەی دابماڵین، بەڵام پەیامێکی هەیە و بە جیاواز لە ژانر و بوارەکانی تر ڕۆماننووس لەمسی ئەو چێژە باڵایەی کردووە کە نووسینی ڕۆمان دەیبەخشێت. درکی بەو دەستباڵاییە کردووە کە ڕۆمان نیشانی دەدات، من وەک مرۆڤێک لەسەر ئەم هەسارەیە هێندەی دەتوانم لەناو ڕۆمان و وشەدا ئازادانە ئەزموونی ژیانی سروشتیی خۆم بکەم، ناتوانم لە واقیعدا بیکەم. نووسینی ڕۆمان لای من وەک پساندنی هەموو ئەو زنجیرانەیە کە کۆمەڵگە و دەوروبەر و قەیدەکانی ژیار و فەرهەنگێک بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنن. من بەر لە نووسینی ڕۆمان درکم بەوە نەکرد، بەڵکوو لە کاتی نووسینی ڕۆمانی "قیژە" کەم کەمە لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکە، ئەو بڕوایە لە مندا دەڕسکا کە لەگەڵ نووسینی هەر لاپەڕەیەک قەفێکی زنجیرێک لە مندا دەپچڕێ. هەر بۆیەشە گوتم وەڵامی ئەم پرسیارە لە دۆخێکی بەردەوام نەگۆڕ و تۆکمەبووندایە. دیارە بەر لە نووسینی ڕۆمان ئەزموونی نووسینی یەکەم کتێبی کۆمەڵەچیرۆکم هەبوو "پەنجەکان شتێک دەڵێن". ڕۆماننووسین دەرفەتی ئەوەی پێدام بە نەفەسێکی درێژترەوە بچمە قووڵایی خۆم. لەوێ ئەوانی تریش ببینم. زنجیرگەلی تر و زیندانگەلی زۆر. ڕۆمان بوو پێیگوتم سایکۆلۆژیای تاکی کورد چۆنە. منی بە دۆخێک گەیاندووە لە ژیانی ڕۆژانەشمدا وەک کاراکتەری ڕۆمانێکم، وەک نووسەرێک دەڕوانم کە ڕاوی ڕووداو و حیکایەت و فیگورەکانی ناو ژیان بکات و هەوڵی گواستنەوەیان بدات بۆ ناو ژیانێکی پاراڵێل. ئەمە گەمەیەکی پڕ چێژە ڕۆماننووس شانس و بەختی ئەوەی پێدراوە. بەڵام ئەم یارییە دابڕاو نییە لە زانست، لە فەلسەفە، لە ئەفسانە و بۆچوونی کەسی و حیکایەتی ئەوانیتر. ڕەنگە کە تا ئێرە هاتووم بۆ خۆشم ئەو وەڵامە ئاڵۆز بێت، بەڵام خەتای من نییە، پرۆسەی وەڵامەکە لەگەڵ درێژبوونەوەی ئەزموونی نووسینی ڕۆمان درێژ دەبێتەوە و شێوە دەگرێت.

**ڕووداو: نووسەرێکی دیاریکراو هەیە بەتایبەت ئیلهامت لێ وەرگرتبێت، یان لە چرکەیەکی بەریەککەوتندا بیرۆکەی ڕۆماننووسین لای تۆ سەریهەڵدابێت؟**

**فەرهاد چۆمانی:** زۆر نووسەر هەن کاریگەرییان لەسەر من هەبووە. بەڵام ڕەنگدانەوەیان لە نووسینی مندا نەبووە. من بەر لە نووسینی چیرۆک و دواتریش ڕۆمان، هەوڵم دا زۆربەی ڕۆمانی نووسەرانی دونیا و نووسەرانی کورد بخوێنمەوە. ئەم خوێندنەوەیە تا ئێستا بە بڕشتتر و زۆرترە لە چاو نووسینم. سەرسامییەکی سەیر لە لای من هەیە نەک هەر بەو نووسەرانەی ناوی گەورەن لە دونیادا، بەڵکوو بەو نووسەرە ئاماتۆرانەش کە تازەکی دەست بە نووسین دەکەن. سەرسامییەکی ساویلکانە و هەڕەمەکییانە نا، سەرسامییەکە بە جۆرێکە ئەوان منن و لە دەرەوەی خۆم لێیان ڕادەمێنم و دەیانخوێنمەوە. لە هەر یەکێک لەو نووسەرانە دیو و توێیەکی دیکەی نووسین کەشف دەکەم. جوانیی نووسینی ڕۆمان ڕەنگە بە جۆرێک هاوشێوەی هەزار و یەک شەوە، هەزار و یەک ڕێگەی گێڕانەوە هەن و مرۆڤ ئەو ڕێگایانە دەدۆزێتەوە. هەر ڕۆمانێک دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ مرۆڤ تاوەکو لە تاریکستانی خۆی دەربچێت. من ویستوومە هەموویان بخوێنمەوە، بەڵام لە هیچیان نەچم، نەمەوێ دووپاتەی دونیای هیچ کامیان بم. بەڵام ڕەنگە بتوانم بڵێم زافۆن و موراکامی لە دوو هەرە دڵخوازترین ئەو نووسەرانەن کە من بە سەرسامیی خوێنەرێکەوە دەیانخوێنمەوە.

**ڕووداو: هەموو ڕۆمانێک سەرەتا بیرۆکەیەکە، دەمەوێت سەرهەڵدانی بیرۆکەی یەکەم ڕۆمانت باس بکەی، بە وردی پرۆسەی سەرهەڵدان تا نووسینی، ئەم پرۆسەیە لە خەیاڵی تۆدا بە چ پلەبەندییەکدا ڕۆیشتووە، هەندێ جار لای هەندێ نووسەر باسکردن لە بیرۆکەی پشتی نووسینی ڕۆمانێک لە ڕۆمانەکە خۆی درێژتر بووە، ئەمە لای تۆ چۆن بووە؟**

**فەرهاد چۆمانی:** درووست منیش یەکێکم لەو نووسەرانەی دەکرێ چیرۆکی پشت نووسینی ڕۆمانەکەم درێژتر بێت لە خودی ڕۆمانەکە. بەڵام سەرهەڵدانی بیرۆکەی ڕۆمانی "قیژە" لەلای درێژ دەبێتەوە بۆ منداڵیی من لەناو ئەو شەڕە ناوخۆییەی کە لەناو ڕۆمانەکەشدا دەگوزەرێ. زیهنیەت و هۆشی منداڵیم تێری ئەوەی نەدەکرد بزانم ئەوە چییە ڕوودەدات. ماڵباتی ئێمە و دەیانی دی گەڕابوونەوە سەر داروپەردووی ڕووخاوی شارۆچکەیەکی بەجێماوی ڕاگواستنی سەردەمی شەڕی عێراق- ئێران. بڕیار وابوو ئەو شارۆچکەیە و هەموو وڵات بنیات بنرێتەوە. بەڵام شەڕ دەستیپێکرد. ماڵی ئێمە لە پشت ئاسایشی چۆمان بوو- ئێستاش هەر لەوێین -. هەموو ئێوارانێک دایک و باوکم، ئێمە منداڵەکانیان دەناردنە ماڵی مامم بۆ ئەوەی کە شەو شەڕ دەستیپێکرد بچینە ئەشکەوتی ژێر خانووەکەی ئەوان. قوربانیبوونی ژن لە شەڕی نەبڕاوەی پیاواندا هەمیشە پرسیارێک بووە لەگەڵم ژیاوە، دواتر لە ژیانی خەزاڵی ناو ڕۆمانی قیژەدا ڕەنگی دایەوە. ئەو شەوانەی شەڕ نەبوو لە ماڵی خۆمان دەبووین و گوێمان لە زریکەی ئەشکەنجەدانی دیلەکان دەبوو. ئێوارە هێزێک لە چۆمان دەبوو، شەو دەبووە شەڕ، بۆ بەیانی هێزێکی دیکە بە ڕەنگێکی دیکەوە دەهات. هەموو ئەو شتانەی لەناو ڕۆمانەکەدا دەگوزەرێن جوگرافیایەکی بچووک کراوەتە نموونەی گوزارشت لە کۆی ئەو ئازارەی مرۆڤ بەدەست عەڕابەکانی جەنگ و براکوژی و مرۆڤکوژییەوە دەیچێژێت. لە قۆناغێکی گەشەسەندووتری تەمەن و ئاوەزمدا ئەم پرسیارانە بوونە هەوێنی گەڕانەوە و چاوپێکەوتن و خوێندنەوەی ئەزموون و یادەوەری

> **هەر ڕۆمانێک دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ مرۆڤ تاوەکو لە تاریکستانی خۆی دەربچێت**

و گەڕانەوە بۆ ناو ئەو دەمارە وشکبووانەی خوێنی شەڕی دەیەی نەوەدەکانی تێدا ڕژا. وەک شێتێک خولیام بوو بزانم ئەوەی من بە چاوی منداڵێک بینینم چی بوو. جۆرێک بوو لە گەڕانەوە بۆ ناو وێرانەکان. تا لەوێوە داهاتووش ببینم. لەوێ تێگەیشتم ئەو کۆمەڵگە شەکەتەی لەناو تەپوتۆزی شەڕەکان دێتە دەرەوە هیچی نەماوە لە قیژەیەکی خنکاو و قەتیسی ناو گەرووی زیاتر. مرۆڤی ئێمە بە ئومێدی ئاوەدانکردنەوەی وڵات لەسەر دەستی "دەسەڵاتی کوردی" قیژەی گەرووی خۆی کپ کرد و هیچی نەگوت. شەڕی براکوژی ڕوویدا و لە ترسی ونکردن و کوشتن نەیقیژاند. تاڵان کرا، لێی درا، سوکایەتی بە بەها و شکۆی مرۆڤانەی کرا و لە ترسی ئەوەی تەخوین بکرێ کپ ما... تا بە ئێستا دەگات مرۆڤی ئێمە قیژەیەک قەرزداری ئازادبوونی خۆیەتی. بیرۆکەکە ئەمە بوو.

**ڕووداو: ناونیشانی ڕۆمانەکەت چۆن هەڵبژارد. بەشێک لە نووسەران ناونیشانی ڕۆمان بە ئاڵۆزترین و پڕکێشەترین بەشی نووسینەکەیان دەزانن، لای تۆش هەمان ئاڵۆزی هەبووە، ئایا چ پێوەر و میکانیزمێک لای تۆ ناوی ڕۆمانەکەت دیاری دەکات؟**

**فەرهاد چۆمانی:** بە هۆی ئەوەی من جارێک بە خەیاڵ و دواتر بە نووسین دەینووسم ناونیشانی ڕۆمانەکەم لەلا ئاسانترە. لای من ناونیشان دەبێ تیشک بهاوێ بۆ جەوهەری ئەو مەبەست و تێمایەی کە دەینووسم. بۆیە بێ دوودڵی، تا ڕاددەیەکیش سەرکێشانە ناونیشانی "قیژە"م هەڵبژارد. سەنگەر زراری، ڕەخنەگری بواری ئەدەبی کە ڕۆمانەکەم بۆ نارد، لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم: "لێتی ناشارمەوە دوای بینینی ناونیشانی ڕۆمانەکە، پێموابوو یەکەم پێشنیارم ئەوە دەبێ کە ئەگەر بکرێت، ناوی ئەم ڕۆمانە بگۆڕی، (قیژە) بە لای منەوە نە ئەدەبییانەیە و نە مۆسیقی و نە خۆشیش دێتە بەر گوێ و چاوان، بەڵام دوای خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە، بۆم بەدیارکەوت کە ئەم ڕۆمانە جگە لە (قیژە)، هیچ ناوێکی دیکە هەڵناگرێ و بۆی نابێ".

مەبەستمە بڵێم ناونیشان چەندە هەستیار و گرنگە، هێندەش خەڵەتێنەر و لەخشتەبەرە. بەڵام من کەمتر ئەو گەمانە بە ناونیشان دەکەم. مەبەستمە لە ناونیشانەوە ڕۆمانەکەم شتێک بڵێ، پێشمەرج و ڕێککەوتنی نێوان دەق و خوێنەر هەر لە ناونیشانەوە دەستپێبکات.

**ڕووداو: پرسی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕۆمان پرسی گەرمی نووسەران بووە لەبارەی نووسینی ڕۆمانەکانیانەوە، هەندێک پێیانوایە ڕستەی سەرەتا داڕێژەی هەموو ڕۆمانەکەیە و هەندێک کۆتایی و هەندێک ناوەڕاست، نووسەرانێکی وەک هەمینگوەی و مارکیز دەڵێن سەدان لاپەڕەیان لەبەر ڕستەی یەکەمی ڕۆمانەکەیان دڕاندووە کە بە دڵیان نەبووە، تۆ لە نووسینی ڕۆمانەکەتدا چۆن مامەڵەت لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی و ناوەڕاستەکەی کرد، بە چ پرۆسەیەکدا ڕۆیشتی؟**

**فەرهاد چۆمانی:** بە بۆچوونی من ڕۆماننووسین بە شێوازی باو نەخرێتە ناو هەڵسەنگاندنێکی کلێشەییەوە. هۆ و مەرجێک نییە ئەگەر سەرەتا وا نەبێت ڕۆمانەکە وا

> **زافۆن و موراکامی لە دوو هەرە دڵخوازترین نووسەرەکانی منن**

دەبێت. دەیان شاکاری ئەدەبی هەن تا پەنجا لاپەڕەی یەکەمی دەخوێنیتەوە هەر مەیلت بە لای ئەوەدایە فڕێی بدەیت. ڕاستە ڕۆماننووس تا دەکارێ سەرەتای ڕۆمانەکەی وەک ئەڵماس دەسمێ و هەوڵ دەدا هەر لەو سەرەتایەوە خوێنەر کەمەندکێشی ناو دونیای ڕۆمانەکەی بکات. من زۆرجار لە خوێندنەوەی ڕۆمانێک دوای سەد لاپەڕە دەگەڕێمەوە سەرەتا دەڵێم بزانم لە ڕستەی یەکەمەوە چۆن ڕووداوەکان هاتن و بێرە گەیشتن. ئەوە مانای ئەوە نییە دەبێ ڕستەی یەکەمی ڕۆمان ئەوسەری تونێلەکەم نیشان بدات. من بۆ نووسینی قیژە دوو دەستنووسم فڕێدان. بەڵام لە پێناو سەرەتای ڕۆمانەکە نەبوو، لە پێناو کۆی ڕۆمانەکە بوو. سەرەتا دەشێ سەرەتای دونیایەکی دیکە بێت و مایەی کێشە و ناکۆکییش بێت. کێ ئەو پێوەرە دادەنێ کە سەرەتایەکی باشە یان خراپ؟ بە بڕوای من ئەم پێوەرانە ڕۆمان لە قاڵب دەدەن. من قەت پێموانییە ڕستەی سەرەتا بتوانێ مانای ڕۆمانێک هەڵبگرێت. ئەگەر وا بێت ئەو ڕستەیەمان بەسە، بە درێژایی مێژووی ئەدەبی گێڕانەوەش پێموانییە ڕستەی یەکەم هێندە چڕ کرابێتەوە. دەستپێکێک هەیە و دەشێ بە لای ڕۆماننووسەوە پێویستترین دەستپێک و ڕستە بێت و خوێنەران بە دڵیان نەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کێماسی بێت. بۆ کۆتاییش هەرگیز پێموانییە هیچ چیرۆکێک کۆتایی پێبێت، دەکرێ چمکی هەرکام لە ڕۆمانە زیندووەکانی دونیا بگرین و درێژەی پێ بدەین، ڕەنگە سەرهەڵدانی ڕۆمانی "تێکهەڵکێش" باشترین نموونە بێت.

**ڕووداو: ئێمە بە پێچەوانەی شیعرەوە، بناغەیەکی پتەوی ڕۆمانی کلاسیکیمان نییە کە سروشتیانە ڕێی کردبێت تا ئێرە، تۆ وەک گەنجێک لە نێوان نەبوونی باکگراوندێکی ڕۆمانی کلاسیکی کوردی و نووسینی مۆدێرنانەی ئەمڕۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، ئەم پەڕینەوە خێرایە لای تۆ کێشەی دروست نەکردووە؟**

**فەرهاد چۆمانی:** بەڵێ، تا ڕاددەیەکی زۆر کێشەیە. نووسەرانی گەلانی تر بە پاشخانێکی دەوڵەمەند و کتێبخانەیەکی پڕەوە دەست بە نووسینی ڕۆمان دەکەن. ئەگەر ڕاستگۆ و بوێر بین، دەشێ بڵێین ئەوەی هەشبووە تینوێتیی ئێمەی نەشکاندووە. بەڵام با ڕاستگۆ بم لەگەڵت، من لەو نووسەرانەم نامەوێ زۆر پشت بە پاشخانی نووسراو ببەستم، هێندەی مەبەستمە دەقێک بنووسم دەقێکی بێ ڕەگوڕیشەی شێواز بێت، دابڕاو بێت لەو نۆڕمەی ئەدەبی کوردی. دەقی کلاسیک وەک خوێنەرێک دەکرێ لە قۆناغێکی پێگەیشتن و گەڵاڵەبووندا سوودی بۆ نووسەر هەبێت —بە جیاواز لە ڕەخنەگری بواری ئەدەبی- لەوە بترازێ ناشکرێ نەبوونی ڕۆمانی کلاسیک بکەینە بیانووی نەنووسینی ڕۆمانی مۆدێرن و دەقی باڵا. هیچ شاکارێکی ئەدەبی هێندەی دۆنکیشۆت بێ پێشینە نەبووە. من مەبەستمە دوای ئەو هەموو ئەزموونەی مرۆڤایەتی بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی و بە تایبەت ڕۆمان هەمان ئەزموون درێژە پێ بدەم.


بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیڵە بنێرن: salam@rudaw.net